حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی

**ڕاپۆرتێك لەسەر**

# چالاکی و پڕۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو کابینەی هەشتەم





| ئامادە کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی | July 2017 |
| --- | --- |

**ئەم ڕاپۆرتە**

**تیشك دەخاتە سەر کارو چالاکی و پڕۆژەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە رویداوە لەسەر بەرەوپێشچوونی کەرتی پەروەردە لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا لە پێناو دابین کردنی خوێندن بۆ هەمووان و بەخۆڕایی**

# پێشەکی

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لە پێشینەی کارەکانی گرینگیدانی زیاتر بووە بە وەزارەتی پەروەردە و پاڵپشتی کردنی کەرتی پەروەردە لە هەموو ڕوێکەوە  بە ئامانجی بەرەوپێش بردنی بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان هەر لە کابینەی یەکەمەوە تاکو کابینەی ئێستا کە کابینەی هەشتەمە هەروەها  ڕێکخراوە ناوەخۆیی و  نێودەوڵەتیەکانی کەرتی پەروەردەیی  هاوکار و هەماهەنگ بوونە لە ڕووی تەکنیکی و هونەریەوە . وەزارەتی پەروەردە هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا دوا قۆناغی خوێندن کە قۆناغی ئامادەییە هەوڵدەدات زەمینە و بارو دۆخی گونجاو دابین بکات بۆ قوتابی و خوێندکارە خۆشەویستەکان، ئەمەش لە ڕێگەی دابینکردنی پرۆگرامی خوێندن بە نوێترین شێوازی سەردەمیانە و دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگاکان و مەڵبەندەکانی تری خوێندن، هەروەها پەرەپێدانی توانا مرۆیی و پەرەپێدانی تەکنەلۆجیای زانیاری بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان بەتازەترین زانیاریەکان لەبارەی وانە وتنەوە و پێشهاتە تازەکانی بواری تەکنیکی و کردنەوەی خولی بەهێز کردن و بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمیناری پەروەردەیی. سەرەڕای گرینگیدان  بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕان. سود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر لە بواری پەروەردەیی یەکێك بووە لە چالاکیەکانی وەزارەتی پەروەردە، بۆئەوەی بتوانین ژینگەیەکی پەروەردەیی لە بار و گونجاو بۆ قوتابی و خوێندکارانی کوردستان دەستەبەر بکەین.

# بەشی یەکەم

# مێژووی وەزارەتی پەروەردە

### مێژووی دامەزراندنی وەزارەتی پەروەردە بە شێوەی خاڵ

- وەزارەتی پەروەردە بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دامەزرا
- بەرێز د. ناصح عبدالغفور یەکەم وەزیری وەزارەتی پەروەردە بووە لە کابینەی یەکەم و دووەمدا
- بەردەوام بوونی خوێندن و ئاوەدانکردنەوەی گووندەکان لە هەرێمی کوردستان دوای کشانەوەی حکومەتی بەعسی عێراق یەکێك بووە لە پرۆژە گرینگ و بەردەوامەکانی وەزارەتی پەروەردە.
- لە هەردوو کابینەی سێیەم و چوارەم وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی هاندانی منداڵان و گەڕاندنەوەی قوتابیانی دابڕاو بووە بۆ قوتابخانە.
- هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری یەکێك لە خاڵە گرینگەکانی کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە.
- هەر لە دوای کشاندنەوەی ڕژێمی بەعس دەستکرا بە گورینی سیستەمی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن و خوێندن بە زمانی دایك
- لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەم و پرۆگرامی پەروەردەیی .
- ١- سیستەم: گۆڕینی سیستەمی خوێندن لە سیستەمی کۆنەوەی کە سیستەمی (٦-٣-٣-٤) بوو بۆ سیستەمی نوێ ( K-12 )واتە لە باخچەی ساوایانەوە بۆ پۆلی ١٢
- ٢- پرۆگرام : وەزارەتی پەروەردە دەستی کرد بە گۆرینی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن بە ئامانجی ئەوەی پرۆگرامی نوێ بتوانێت داواکارییەکانی بازار پڕ بکاتەوە.
- گۆڕینی سیستەم و پرۆگرام بە چەندین هەنگاو جێ بە جێ کراوە.

## دیدگا و پەیامی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

- دیدگا: رەخسـاندنی هەلی خوێندن بۆ هەموان بە شـێوەیەك بە دەنگ پێویسـتی و هیوا و ئاواتەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردسـتانەوە بچێت، پێداویسـتییەکانی کۆمەڵی پێشـکەوتوو دابین بکات، گەشـەسـەندن لە چەمك و شـێوازگەل و داهێنـانی بیرکردنەوەی زانسـتیـدا بەدی بهێنێـت، هەروەهـا گەشـەسـەندن لە پرینسـیپەکانی هاوڵاتیبوونی دروست و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەدی بهێنێت.

- پەیام: چاکسـازی کردن لە سـیسـتەمی پەروەردە و فیرکردنی باڵا و پەرەپیدانی بە هەموو ئاسـتەکانییەوە، لە مۆرکی کۆمەلی مەدەنی، بە کۆمەڵی کوردسـتانییەوە و، لە پێویسـتی و پێداویسـتییەکانی پێشـکەوەتنییەوە هەڵقوڵابێت، تایبەتمەندی نەتەوەیی کەمینەکانی ڕەچاو کردبێت، بە شـێوەیەك بیکاتە کێبەرکێکار لەگەڵ کۆمەڵی جیهانیدا کە لەسـەر بنەمای ئابووری مەعریفە دامەزراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی باشتری داهاتی مرۆیی و سروشتی ( مادی) و دارایی، بۆ دەستەبەرکردنی پەرەپێدانی سەرتاسەری و خۆشگوزەرانی و ، بەدیهێنانی هاوکووفی هەڵ و، بەدیهێنانی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان.

## سیاسەتی پەروەردەیی نیشتمانی

- نەهێشتنی نەخوێندەواری.
- نەهێشتنی کەمی بینایی قوتابخانە.
- ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆ هەمووان.
- زیادکردنی بودجە بۆ کەرتی پەروەردە تەرخانکراو شانبەشانی پێداویستیەکان و پێشکەوتنەکان.
- پێشخستن و بە مۆدێرنکردنی پرۆگرام بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن.
- دابینکردنی پێداویسیەکانی خوێندن ( کتێبخانە، تاقیگە، پێداویسیەکانی تری خوێندن).
- بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی وەك (ستافە پەروەردەییەکان و کارگێڕییەکان)
- جێ بە جێ کردنی سـتاندارت و بنەمای جیهانی بۆ بەرەوپێشـبردن و باشـترکردنی کوالیتی پەروەردە لە هەموو ئاستەکاندا.
- نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان خوێندنی شار و دێهاتەکان.
- باشـتر کردن و گۆڕینی تەواوی ناوەڕۆك و شـێوازی پەروەردە بۆ ئەوەی سـیسستەمی پەروەردە وەڵامی داواکاری بازار بداتەوە.

## پێکهاتەی وەزارەتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە لە سەرەتای دروستبوونی لە کابینەی یەکەم بە پێی یاسای ژمارە (٤) لە ساڵی ١٩٩٢ تەنها لە چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێك هاتبوو بەڵام دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بوو بە ( ١٢ ) بەڕێوەبرایەتی گشتی ئەوانیش:

١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی
٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی
٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی
٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان
٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان و چاپەمەنیەکان
٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان
٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر
٩- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و مەشق کردن
١٠- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی تورکمانی
١١- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی سریانی
١٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان لە سەرەتای کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم لە سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێك هاتبوو ئەوانیش:

١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر
٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك

بەڵام دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو بە ڕێوەبەرایەتی گشتی تر زیاد کران بوون بە پێنج بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا ئەوانیش:


١. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان
٢. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید.

هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی پێك دێت لە چەند پەروەردەی قەزا.

| قۆناغی پەروەردە | تەمەنی ناونوسکردن |
| --- | --- |
| پەروەردەی پێشوەختەی منداڵ | تەمەنی ناونوسکردن ٤ ساڵیەو تەوزیمی نیە |
| قۆناغی بنەڕەتی | تەمەنی ناونوسکردنی فەرمی ٦ ساڵیە و لە پولی ١ تاوەکو ٩، تەوزیمیە، هەروەها بە خۆڕاییە |
| قۆناغی ئامادەیی | بە شێوەیەکی تیۆری ناونوسکردن تیایدا لە تەمەنی ١٥ ساڵیە و تەوزیمی نیە. |

*خشتەی ژمارە ١ هەیکەلی سیستەمی پەروەردە*

وێنەی ژمارە ١ هەیکەلی سیستەمی پەروەردە



# کۆنگرەکانی وەزارەتی پەروەردە

## کۆنگرەی یەکەمی پەروەردەیی

- لە ٢٦-٢٧ ئەیلولی ساڵی ١٩٩٣ لە هەولێر ئەنجامدرا
- دروشم ( پەروەردە کردنی نەوەکانی کوردستان.. بە ڕەوشتی بەرز.. کوردایەتی ڕەسەن.. زانست و زانینی هاوچەرخ... بنەماکانی دیموکراسی).
- لە ژێر چاودێری دکتۆر ناصح غفور رمضان وەزیری کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لە کۆنگرەدا ٣٥ بڕیاڕ و ١٥ ڕاسپاردە درا.

## کۆنگرەی دووەمی پەروەردەیی

- لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٧ لە هەولێر ئەنجامدرا
- دروشم ( بە گیانی سۆزی کورد پەروەرانە بۆ ئاییندەی پەروەردە و زانست دەڕوانێت).
- بە چاودێری دکتۆر جرجیس حسن عبدالله وەزیری کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرە لەلایەن ٢٢ لێژنەوە ئامادە کرا و پێك هاتبوو لە ٣٤ پێشنیار.

## کۆنگرەی سێیەمی پەروەردەیی

- لە ٢٢-٢٣ تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ لە سلێمانی ئەنجامدرا
- دروشم ( گەشەپێدانی پەروەردە).

- به چاودێری نەرمین عوسمان وەزیری پەروەردە و سەرۆکی کۆنگرەی سێیەم.
- ١٢ لێکۆڵینەوە پێشکەش بە کۆنگرە کرا.
- لە کۆنگرەدا ١٥ بڕیار و ١٠ پێشنیار پێشکەش کران.

## کۆنگرەی چوارەمی پەروەردەیی

- لە ٢٢-٢٤ ئایار ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر ئەنجامدرا
- دروشم ( گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا ).
- لە ژێر چاودێری دلشاد عبدالرحمان وەزیری کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- چاکسازی لە سیستەمی پەوردە و پرۆگرامی پەروەردەدا کرا.
- سیستەمی پەروەردە لە ٦-٣-٣ گۆڕدرا بۆ سیستەمی 12 -K

## کۆنگرەی پێنجەمی پەروەردەیی

- لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٥ لە هەولێر ئەنجامدرا
- دروشم (گەشەپێدان - بەها مرۆییەکان).
- بە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دکتۆر پشتیوان صادق وەزیری پەروەردەی کابینەی هەشتەم.
- لە کۆنگرەدا ٣٥ بڕیارِ و ١٥ ڕاسپاردە درا.

# بەشی دووەم

# شیکردنەوەی کەرتی پەروەردە

## بینای قوتابخانە


کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لە پێش ساڵی ١٩٩١ دووچاری کێشەی کەمی بینا و چەندین کێشەی تری پەروەردەییەوە بوو، هەر لەسەرەتای دورستبوونی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست کرا بە دروستکردنی بینای قوتابخانە وەك هانگاوێك بۆ دابینکردنی پەروەردەیەکی گونجاو و بە کوالیتیەکی باش بۆ هەموان، بۆیە لە ساڵی ١٩٩١ کە ژمارەی بینای قوتابخانە (١٠١٣) بووە ئەم ژمارەیە لە دە ساڵی کابینە یەك بە دوای یەکەکان لە ساڵی ٢٠٠١ بوو بە (٢١٢٣) کە ئەمەش گەشەسەندنێکی بەرچاوە بە بەراوورد بە ژمارەیەی کە پێشتر هەبووە ئەو ڕێژە گەشەسەندنەی کە لە پێش دورستبوونی کابینەی یەکەمی حکومەتدا بەردەست بووە.

هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ٢٠٠٣ و بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٤، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕترکردەوە لە دروستکردنی بینای نوێی قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانەی کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە بوو. هەر بۆیە ئەگەر بێین بەراووردێك لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٠٥ بکەین دەبینین ژمارەی بینای قوتابخانە بە ڕێژەی لە (١٤%) زیادی کردووە، کە ئەمەش دیسان دەستکەوتەکی باشە بۆ کەرتی پەروەردە.

دیاردەی بەرچاوی کەمی بینای قوتابخانە لە ساڵی ٢٠٠٩ بینای قوتابخانەی بنەڕەتی و دواناوەندی ٣,٨٩٦ بووە، چاوەڕوان دەکرا لەدوای ناساندنی سیستەم و پرۆگرامی خوێندنی نوێی پەروەردەدا بینای قوتابخانە زیاد بێت بەو ڕێژەیەی کە یەکسان بێت یاخود بە لای کەم بە ڕادەیەك کە بتوانێت بەرگەی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان بگرێت و دیاردەی زۆری ژمارەی قوتابی لە پۆلدا کەم بکاتەوە. بینای قوتابخانە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٩ بە شێوەیەکی زۆر لە ٢،٢٩٧ بۆ ٣,٨٩٦ زیادی کرد کە ئەمەش پاپەندی وەزارەتی پەروەردە دەنوێنی بۆ باشتری کردنی کوالیتی خوێندن بە کەمکرنەوەی ژمارەی زیادی قوتابی لە قوتابخانە و لە کۆتایش لەناو پۆلدا. بەڵام ئەو گەشەیە لە ساڵی ٢٠١٤ بە ئەندازەیەکی زۆر لاواز بووەوە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کەمی بوودجەی تەرخانکراو بۆ پەروەردە، لە ٢٠١٦ ژمارەی قوتابخانە بە پێی دوایین

ئاماری وەزارەتی پەروەردە (٥٢٧٥) بیایە کە زۆربەیان پێش ساڵی ٢٠١٤ دروستکراوە( زانیاری زیاتر لە گرافەی خوارەوە بەردەستە).

*گرافی ژمارە ١ ژمارەی بینای قوتابخانە لە ١٩٩١ تاوەکو ٢٠١٦ لە هەرێمی کوردستان*





# توانای بینای قوتابخانە لە وەرگرتنی ژمارەی قوتابی

قەبارەی وەرگرتنی قوتابی بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن قوتابخانەکان بە گشت قۆناغەکانەوە لە ٦٤٤ وە لە ساڵی ١٩٩١ گەشەی سەند بۆ رێژەی ٣٢٤ قوتابی بۆ هەر قوتابخانەیەك لە ساڵی ٢٠١٦. قەبارەی قوتابخانەکان لە شاردا زۆر گەورەترە لە گوندەکان، کە لە گوندەکان کە بە رێژەی ٨٠ قوتابی بۆ هەر قوتابخانەیەکە.

بە بەراورد رێژەی وەرگرتنی قوتابخانەی بنەڕەتی و قوتابخانەی دواناوەندی جیاوازییەکی زۆریان هەیە لە ژمارەیان. بە توانای رێژەیی قوتابی ساڵانە، بینای قوتابخانەکانی قۆناغی دواناوەندی  قەبارەیان گەورەترە لە بینای قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی کە ئەمان دەتوانن رێژەکی کەمتر لە قوتابی وەربگرن.

لەم گرافەی خوارەوە ژمارەی قوتابی بەرامبەر قوتابخانە لە گشت ئاستەکانی خوێندن لە هەرێمیت کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ساڵی ٢٠١٦

*گرافی ژمارە ٢ ژمارەی قوتابی/ قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ٢٠١٦*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦


# مامۆستا لە هەرێمی کوردستان

هەروەك ئاشكرایە كە تاقیكردنەوەكان جۆری (TIMMS) یاخود (PISSA) وەكو ئامرازێك دەتوانرێت بەكاربهێنرێت بۆ دیاری كردنی ئەدای قوتابخانە بە شێوەیەكی گشتی و ئەدای مامۆستا بە شێوەیەكی تایبەتی.
داتاكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەكان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٢ ئەوە دەردەخەن كە تەنها لە بەشی زانستیدا ٥٠٪ قوتابیان دەرچوون لە هەردوو خولی تاقیكردنەوەدا لە كاتێكدا نیوەكەی تریان نەیانتوانیووە لە بابەتێك یاخود چەند بابەتێك دەربچن یاخود هەندێكیان بچنە نێو ژووری تاقیكردنەوەكانەوە، لەو ڕێژەیەی كە دەرچووونە ١٠٪ قوتابیان نمرەی ٥٠-٦٠ یان هێناوە كە ئەمەش بە ئاستێكی مامناوەندی دادەنرێت و دەتوانرێت وەكو زەنگێكی مەترسیدار بە كاربهێنرێت زەنگێكی مەترسیدارە چونكە ئەو ژمارەیە لەوانەیە لە ساڵی داهاتوو بچێتە ڕیز ئەو قوتابیانەی كە لە خوار ٥٠ نمرەیان هێناوە لە كاتێكدا ١٥٪ قوتابیان توانیویانە نمرەی لە نێوان ٦٠-٧٠ بهێنن. ١١٪ قوتابیان ٧٠-٨٠ هێناوە هەروەها ٩٪ قوتابیان ٨٠-٩٠ هێناوە، تەنها ڕێژەیەكی كەم ٥٪ نمرەیان لە نێوان ٩٠-١٠٠ هێناوە كە ئەمەش دووبارە زەنگێكی مەترسیدارە چونكە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ڕێژەیە بۆ ساڵانی داهاتوو كەمتر بێت.
مەبەست لە دەرخستنی نمرەی قوتابیان دیاری كردنی توانای مامۆستایانە لە هەرێمی كوردستاندا چونكە جگە لەمە هیچ ئامرازێكی تر نیە یاخود لەلایەن شارەزایانی پەروەردەیی دانەهێنراوە بۆ پێوانەكردنی توانا و ئەدای مامۆستا، بۆیە حكوومەتی هەرێمی كوردستان هەر لە دوای ناساندنی سیستەمی نوێی پەروەردەیی و گۆڕینی پرۆگرامی كۆن هەوڵی

داوە ڕەهەندێکی بەردەوام بە ڕاهێنانی مامۆستایان بدات و توانای مامۆستایان بگەیێنێتە ئەو ئاستەی کە ئەم سیستەم و پرۆگرامە نوێیە پێویستیەتی.

هەرێـمی کوردستان کەمتەرخەمی لە هەوڵەکانی نەکردووە لە داڕشتنی پلانی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و ئامادەکردنیان بۆ باشترکردنی سیستەمی (12 -K) واتە ( لە باخچەی منداڵانەوە بۆ پۆلی ١٢). پلانی ستراتیجی نیشتیمانی عێراق وا ئاماژە دەکات کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی زانستی پەروەردەیی هەیە بۆ دیاری کردنی پێداویستیەکانی مامۆستایان لە ڕووی ڕاهێنانیان و گونجاندنیان لەگەڵ ژینگەی ئێستای قوتابخانە و زیاتر ئاشنا کردنی مامۆستایان بەو سیستەم و پرۆگرامە نوێیە. لە خشتەی ژمارە ٤ ئەگەر سەیرێکی زیادبوونی ژمارەی مامۆستایان لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا بکرێت دەبینرێت رێژەی مامۆستا پێنج ئەوەندە زیادی کردووە لە نێوان ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ساڵی ٢٠١٦.

*گرافی ژمارە ٣ ڕێژەی زیادبوونی مامۆستایان بە پێی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە ١٩٩١ تاوەکو ٢٠١٦*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦

## توانستی مامۆستا

حکومەتی هەرێم پێوەر و مەرجی نوێی داڕشت بۆ ئەو مامۆستایانەی کە تازە دادەمەزرێن. مەرجە نوێیەکە ئەوەیە کە مامۆستایان دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بن لە کۆلیژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەت و سەرەتای دامەزراندنیان دەبێت بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە دەرەوەی شار وانە بلێنەوە پاش تەواوکردنی ماوەکەیان دەتوانن بگەڕێنەوە ناو شار دوای رەزامەندی پەروەردە و قوتابخانەکەی.

توانای شیاوی مامۆستا لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی نزیك بەندە بە سێ هۆکاری جیا لەوانە:

**یەکەم**؛ چاکسازیيە پەروەردەییەکەی هەرێم بۆشایی توانستی دروستکرد و مامۆستایان دەنالێنن بەدەست پرۆگرامی نوێ ی خوێندن بەهۆی کەمی زانیاری لەسەر پرۆگرامەکەوە.

لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی ڕاند لە ساڵی ٢٠١٤ ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان دووچاری کێشەیەکی قورس بوونەوە ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی مامۆستایان ناتوانن داواکارییەکانی پرۆگرامی نوێ بهێننە دی و ناوەڕۆکی پرۆگرامی نوێ بە ئاسانی و بێ کێشە بڵێنەوە.


**دووەم**؛ هەندێك لە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان بەهۆی کەمی ژمارەی مامۆستایان لە هەندێك بابەتدا فشاریان خراوەتە سەر کە بابەتی لە دەرەوەی پسپۆڕی خۆیان بڵێنەوە ئەمە وای کردووە کە ناوڕۆکی ئەو بابەتانەی دەیڵێنەوە بە باشی و بە شێوەیەکی زانستیانە نەگاتە قوتابیان، بۆیە پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردە دەست بکات بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و ڕاهێنانی زیاتر بۆ ئەم مامۆستایانە فەراهەم بکات.

**سێیەم**؛ شێوازی وانە ووتنەوەی زۆربەی مامۆستایان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نیە بۆیە لێکۆلینەوەی ڕاند ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی ڕاهێنانیان بینیوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕازی نین بە ئاستی ڕاهێنانەکان و ئەو ڕاهێنانانە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی کاریگەر مامۆستایان ئاشنا بکەن بە شێوازێکی کاریگەر و مۆدێرنی وانە وتنەوە و لە زۆربەی خولەکانی ڕاهێنان مامۆستایان داوایان لێکراوە کە ئامێری وەکو داتاشۆ بەکاربهێنن بەڵام مامۆستایان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە بە هیچ شێوەیەك ئامێری لەو شێوەیە لە قوتابخانەکانیاندا نیە و ئەگەر هەبێت ئەوە کێشەی نەبوونی کارەبا دەبێتە بەربەستێك لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم شێوازە.

هەروەها داتای ٢٠١٥ ئاستی توانای ئەکادیمی مامۆستایان لە ڕوانگەی بڕوانامەی بەدەستهێنراو دەردەخات. گەورەترین ڕێژەی مامۆستایان هەڵگری بڕوانەمای دبلۆمن ٣٦,٩٦٪ کە ئەمەش بە پێ ی مەرجی نوێی وەزارەتی پەروەردە ناکرێت مامۆستایانی دبلۆم وانە بلێنەوە بۆیە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی پەیمانگاکانی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی ڕاهێنانێکی دوو ساڵە بەو جۆرە مامۆستایانە دەکەن و مامۆستایان لە دوای دەرچوونیان جیاووکی مامۆستایانی

بکالۆریۆس وەردەگرن و کە هەمان مافی مامۆستایانی بکالۆریۆسیان پێ دەدرێت لە ڕوانگەی مووچە و بەرزکردنەوەی پلە، ئەو بڕوانامەیە تەنها لە وەزارەتی پەروەردەدا کاری پێ دەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٦ مامۆستایانی هەڵگری بکالۆریۆسی کۆلێژی پەروەردە کە ڕێژەکەیان دەکاتە ١٥,٥٨٪ و بکالۆریۆسی کۆلێژەکانی تر ٢٢,٩٧٪ ، وە ڕێژەی بڕوانامە جیاوازەکانی تر لەو گرافیکەی خوارەوەدا دیارە:

گرافی٤ ڕێژەی مامۆستایان بە پێی بڕوانامە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی خوێندنی٢٠١٥-٢٠١٦




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦

لە ئاکامی بەرفراوانبوونی ژمارەی قوتابیان و زیادبوونی داواکاری هاوڵاتیان لەسەر پەروەردە، ژمارەی مامۆستایان لە هەندێك بابەت دا بە تایبەتی لە بابەتە زانستیەکاندا نەیانتوانی ژمارەیان شانبەشانی ژمارەی قوتابیان زیاد بکات و بەرفراوان ببێت، بۆیە هەندێك لە مامۆستایان لەبەر نەبوونی مامۆستا لە هەندێك بابەتی زانستی گوشاریان خراوەتە سەر کە بابەتی لە دەرەوەی پسپۆڕی خۆیاندا بڵێنەوە ئەم دیاردەیە بە زۆری لە دەرەوەری شارەکان و گوندەکان بەربڵاوە.


کەمی ژمارەی مامۆستایان لەم بابەتانە بەهۆی زۆری داواکاری کەرتی پەروەردەیە بۆ ئەم مامۆستایانە، وە هەروەها گواستنەوەی مامۆستایانی ئەو بابەتانە لە دوای تەواوکردنی وادەی ٥ ساڵی خۆیان بە گوێرەی مەرجی دامەزراندنی وەزارەتی پەروەردە هۆکارێکی ترە بۆ ئەم جیاوازیە.

# ڕێژەی قوتابی/مامۆستا

دابەشبوونی نایەکسانی مامۆستایانی ڕاهێنراو لە نێوان هەرچوار پەروەردەی پارێزگاکاندا هەیە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و زانستیانە مامۆستا دابمەزرێنێت و دابەشیان بکات بەسەر پەروەردەکاندا. مامۆستایەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بە بێ پشت بەستن بە داتا و دیاری کردنی پێویستی مامۆستا لە ئاستی پەروەردە و قوتابخانەکاندا دامەزراون و دابەشکراون.

لە ساڵی ١٩٩١، داتاکان وا نیشان دەدەن کە ژمارەی مامۆستا لە قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی ٢٠٧١٣ و ژمارەی قوتابی ٥٤٢٢٤٠ قوتابی بوو کە ئەمەش ڕێژەی قوتابی/مامۆستا دەگەیێنێتە ٢٥، بۆیە هەرێمی کوردستان بۆ چەند ساڵێکی تر دوای ٢٠٠٤ دووچاری کەمی مامۆستا بووە و ناچار بووە ڕێنمایی نوێ دەربکات و قوتابیانی دەرچووی قۆناغی ناوەندی دوای ڕاهێنانیان بۆ ماوەی چەند مانگێك وەکو مامۆستا  دابمەزرێنێت. لە ساڵی ٢٠١٦ دا ڕێژەی قوتابی/ مامۆستا لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا ١٤ بووە کە ئەمەش لە ڕوانگەی داتا دا شتێکی باشە بەڵام لە راستیدا دەبینین ژمارەی مامۆستا بە ڕێژەیەکی یەکسان بەسەر قوتابخانە و پەروەردەی پارێزگاکاندا دابەش نەبوونە.

*گرافی٥ ڕێژەی قوتابی/مامۆستا لە ساڵی ٢٠٠٤ وە هەروەها ٢٠١٥*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦

ئەگەر سەیری داتای پەروەردەی پارێزگای هەولێر بکەین لە ساڵی ٢٠١٦ دەبینین ژمارەی قوتابی/مامۆستای ١٥ بووە سەرباری زۆری ڕێژەی مامۆستا لەو پارێزگایە مامۆستای بابەتە زانستیەکان و هەندێك لە بابەتەکانی تر زۆر بە کەمی لە زۆربەی قوتابخانەکان بەدی دەکرێت کە ئەمە جارێکی تر هۆکارەکەی بە ڕێژەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی میکانیزمێکی زانستی ستاندارد بۆ دیاری کردنی پێداویستیەکانی قوتابخانە لە مامۆستا و دامەزراندنی مامۆستا و دابەش کردنیان بەسەر ناوچەکان بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە و زانستی، لەبەرئەوە وەزارەتی پەروەردە پێویستە مامۆستا لەو بابەتە دابمەزرێنێت ئەگەر بیەوێت هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەروەدردە بۆ هەموان بە دەست بهێنێت.

## ڕاهێنانی مامۆستایان

پێش ساڵی ٢٠٠٧ ڕاهێنانی مامۆستایان ئەرکی پەیمانگای مامۆستایان بوو، وە بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو لە دوای خوێندنی ئامادەیی. پەیمانگا بەرپرس بوو لەسەر ڕاهێنانی ئەوانەی کە دەیانویست ببن بە مامۆستا لە قوتابخانەکان.

لەگەڵ ناساندنی سیستەم و پرۆگرامی نوێ داواکاری وەزارەتی پەروەردە بۆ وەرگرتنی مامۆستا بەرز بووە واتە ئەوانەی کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆسن دەتوانن ببن بە مامۆستا و لە قوتابخانەکاندا وانە بڵێنەوە. ئەو مامۆستایانەی کە تازە دامەزراوە و هەروەها ئەوانەی کە پێشتر دامەزراون بە شێوەیەکی گشتی ڕاهێنانێکی چەند هەفتەییان پێ دەکرێت ئەویش تەنها بۆ ئاشناکردنی مامۆستایان لەسەر پرۆگرامی نوێ، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە ساڵانە لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی خوێندندا دەکرێت.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی پەروەردە نەیدەتوانی هەموو مامۆستاکان بە سیستەم و پرۆگرامی نوێ لە هەمان کاتدا ئاشنا بکات بۆیە پلانی بۆ دانا کە ٢١,٨٤٤ مامۆستا لە ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە تازە دامەزراون ڕاهێنان وەربگرن و دواتر ٢٣,٧٦٥ مامۆستا لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٥,٣١٦ مامۆستا لە ساڵی ٢٠١٠ ڕاهێنانیان پێ کرا.

*خشتە٢ ژمارەی مامۆستای بە ئەزموون و مامۆستای تازە دامەزراو لە ٢٠٠٧ تاوەکو ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستاندا*

| ژمارەی مامۆستای بە ئەزموون و مامۆستای تازە دامەزراو لە ٢٠٠٧ تاوەکو ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستاندا | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سالان | | | | | | | | | | |
| پارێزگا | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | | | ٢٠٠٩ | | | ٢٠١٠ | | | تێکڕا |
| | ژ. مامۆستایان | مامۆستایانی بە ئەزموون | مامۆستایانی تازە دامەزراو | تێکڕا | مامۆستایانی بە ئەزموون | مامۆستایانی تازە دامەزراو | تێکڕا | مامۆستایانی بە ئەزموون | مامۆستایانی تازە دامەزراو | تێکڕا | |
| هەولێر | ١٦٧٧٦ | ٥٠٣٣ | ١٤٤٦ | ٦٤٧٩ | ٥٨٧٢ | ٢٨١٢ | ٨٦٨٧ | ٥٨٧١ | ٢١١٢ | ٧٩٨٣ | ٢٣١٤٦ |
| سلێمانی | ٢١٧٥٥ | ٦٥٢٧ | ١٤١٦ | ٧٩٤٣ | ٧٦١٤ | ١٦٦٨ | ٩٢٨٢ | ٧٦١٤ | ٤٠٢ | ٨٠١٦ | ٢٥٢٤١ |
| دهۆک | ١١٣٩١ | ٣٤١٧ | ٤٠٠٥ | ٧٤٢٢ | ٣٩٨٧ | ١٨١٢ | ٥٧٩٩ | ٣٩٨٧ | ١٠٣٦ | ٥٠٢٣ | ١٨٢٤٤ |
| گەرمیان | - | - | - | - | - | - | - | ٤٢٩٤ | - | ٤٢٩٤ | ٤٢٩٤ |
| تێکڕا | ٤٩٩٢٢ | ١٤٩٧٧ | ٦٨٦٧ | ٢١٨٤٤ | ١٧٤٧٣ | ٦٢٦٩ | ٢٣٧٦٥ | ٢١٧٦٦ | ٣٥٥٠ | ٢٥٣١٦ | ٧٠٩٢٥ |

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٥

ڕاهێنانی مامۆستایانی تازە دامەزراو کارێکی ئەستەم بوو، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی ڕاهێنانی ڕاهێنەران کە ئەمەش ڕاهێنانی مامۆستایانی سەرکردەیە بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایانە بتوانن خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی تری ئاسایی ئەنجام بدەن، ئەمە لەبەر کەم کردنەوەی نرخی تێچوونی ڕاهێنانی مامۆستایان بوو.

هەر لەگەڵ ناساندنی سیستەم و پرۆگرامی نوێ، ڕێبەری مامۆستایان داڕێژرا و دەست کرا بە چاپ کردنی، ڕێبەری مامۆستا وا داڕێژراوە کە یارمەتی مامۆستا بدەن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی مامۆستا لە کاتی وانە ووتنەوە لەناو پۆلدا و هەروەها یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ کە زیاتر بڕوای بەخۆی هەبێت.

لە ٢٠٠٨ بە دواوە خولی ڕاهێنانی مامۆستایان وا داڕێژراو بوو کە مامۆستایان لە ماوەیەکی کورتدا ڕاهێنانیان بۆ بکرێت، بۆیە لە ڕاپۆرتی بەم دواییەی ڕێکخراوی ڕاند بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی مامۆستایان ڕەخنەیان لەوە دەگرت کە ماوەی

خولی ڕاهێنان کورت بووە و ناوەڕۆکی خولەکانی ڕاهێنان هەندێك جار ڕوون نەبووە و زۆربەی خولی ڕاهێنانەکان بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراون، ئەمانە و چەندین گرفتی تر کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە خولی ڕاهێنانی مامۆستایان لە وەزارەتی پەروەردە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان.

## پەروەردەی پێش وەختەی منداڵ


لە کاتێکدا جیهان جەخت لەسەر فراوانترکردن و باشترکردنی پەروەردە و چاودێری کردنی منداڵانی پێشوەخت دەکات، بەشداریکردن و خوێندن لە پەروەردە بە کوالیتی باش کاریگەرییەکی زۆر و درێژ خایەنی هەیە لەسەر بەرهەمی فێربوونی منداڵ تەنانەت لە دوای گەورەبونیشیدا (Berlinski et al، 2009 )

چوارچێوەی داکار (لە ساڵی ٢٠٠٠) ئەوەی دەرخستووە کە دەبێت وڵاتانی جیهان پابەند بن بە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە و هەوڵەکانی خۆشیان زیاتر بکەن بۆ دارشتنی سیاسەت و دیزاین کردنی پلان و پرۆگرامی گونجاو بۆ مناڵانی تەمەن بچووك کە بگونجێت لەگەڵ تەمەنیان و هەروەها میکانیزمێك بێت بۆ ئامادەکردنی ئەو منداڵانە بۆ قۆناغی سەرەتایی کە لە ٦ ساڵیدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و هەرێمی کوردستاندا دەست پێدەکات.

لە ٢٠١٥ هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژووی درستبوونیەوە پابەندبوونی خۆی دەرخست لەسەر بە دەستهێنانی ئامانجەکانی پەروەردە بۆ هەمووان و لە کاتی ئێستاشدا لە پرۆسەی خۆ ئامادەکردن دایە بۆ دارشتنی پلانی کارێك بۆ دیاری کردنی ئەو ئامانجانەی کە بە دەستهاتوون و ئەوانەی کە بە دەست نەهاتوون.

ئەگەر داتای ڕێژەی منداڵانی باخچەی منداڵانی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ئەوەی ٢٠١٦ دا بەراورد بکرێت دەبینین هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە.

*گرافی ژمارە ٦ ڕێژەی منداڵان لە قوناغی باخچەی منداڵان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠١٦*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦

بەگوێرەی داتاكانی وەزارەتی پەروەردە دەركەوتووە كە تاوەكو ئێستاش زۆربەی دایك و باوكان منداڵەكانیان لە تەمەنی ٥ ساڵیدا ڕەوانەی باخچەی منداڵان دەكەن، ئەمەش هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك:

**یەكەم**؛ كەم هەوڵدانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان لە ناساندنی گرنگیەتی پەروەردە بۆ منداڵان لە تەمەنی بچووكدا و كاریگەرییە ئەرێنیەكانی لەسەر گەشەسەندنی توانای منداڵ.

**دووەم**؛ نەبوونی سیاسەتێكی پەروەدەیی ڕوون و تۆكمە بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنی پەروەردە بۆ منداڵانی تەمەن بچووك.

**سێیەم**؛ نەبوونی بینای زۆر لە كاتی ئەگەری زیاد بوونی منداڵانی باخچەی منداڵان.


لە هەرێمی كوردستان باخچەی منداڵانی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوەدەچێت و منداڵانیش لە تەمەنی نێوان (٤ ) و (٥ ) ساڵیدا لە قۆناغی باخچەی منداڵان تۆمار دەكرێن. ژمارەی قوتابیانی باخچەی منداڵان لە هەرێمی كوردستان ساڵ بە ساڵ لە زیاد بوون دایە بۆ نموونە ژمارەی قوتابیانی باخچەی منداڵان لە ساڵی ١٩٩١ دا (٤٥٨٨) قوتابی بووە كەچی ئەو ژمارەیە لە ساڵی ٢٠١٦ بەهۆی كابینە یەك لە دوای یەكەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی بەرچاو بۆ (٧١,٧٦٤) زیادی كردووە، كە ئەمەش زیاد بوونی خواستی هاووڵاتیان دەنوێنێ بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان. بەڵام داتای وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠١٦ لە هەرێمی كوردستان ئەوە دەردەخات كەناوی زۆربەی قوتابیانی قۆناغی باخچەی منداڵانی كەرتی حكومی لە تەمەنی ٥ ساڵیدا تۆمار دەكرێن و ئەوەش دەبێتە هۆكارێكی پاڵنەر بۆ وەزارەتی پەروەردە كە

به سیاسەتی باخچەی منداڵان بچێتەوە بۆ ئەوەی هەندێك فشار لەسەر دایك و باوكان دروست بكات بۆ ئەوەی دایك و باوكان ناچار بن منداڵەكانیان لە تەمەنی ئاسایی خۆیاندا بۆ ئەو قۆناغە بنێرن.

لە هەرێمی كوردستان زۆربەی قوتابخانەی باخچەی منداڵان لە هەرێمی كوردستان دەكەونە نێو شارەكانەوە و لەبەر ئەم هۆیە زۆربەی دانیشتوانی دەوروبەری شار و گوندەكان لەم خزمەتگوزارییە بێ بەش بوونە هەر ئەمە لە ڕابردوودا بۆتە بەربەستێك لە بەردەم وەزارەتی پەروەردە لە بەدەستهێنانی ئامانجی یەكەمی پەروەردە بۆ هەمووان، بۆیە دەبێت لە داهاتوودا وا چاوەڕوان بكرێت لە وەزارەتی پەروەردە كە دەست بكات بە دروست كردن و كردنەوەی باخچەی منداڵان لە گوندەكان بە مەرجێك نەبێتە هۆكاری كەمكردنەوەی ژمارەی باخچەی منداڵانی نێو شارەكاندا، پێش دەست پێكردن بەو دەستپێشخەرییە باشتر وایە وەزارەتی پەروەردە هەڵسانگاندێك بۆ كەرتی پەروەردەی باخچەی منداڵان ئەنجام بدات و ڕەچاوی هەموو هەڵ و مەرجی جوگرافی و ئابووری و كۆمەڵایەتی ناوچەكان بكات.

ئەگەر چاوێك بەسەر بڕوانامەی مامۆستایان و پسپۆڕییاندا بخشێنین دەبینین كە زۆربەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگاكانن و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن لە پسپۆڕی جیاجیادا، بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی دەبینین كە (١,٢٣٧) مامۆستا هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن كە ئەمەش بە گەورەترین ژمارە دادەنرێت بەبەراورد لەگەڵ پارێزگاكانی تر كە دەرچووەكانیان هەڵگری بڕوانامەی بكالۆریۆس و شوێنە پەروەردەییەكانی تری وەك پەیمانگاكانی هونەری و پیشەیین.

گرافی ژمارە ٧  کۆی گشتی ژمارەی مامۆستایان بە پێی بڕوانامە




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٥

# ڕێژەی بەشداری قوتابیان لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی


ئامانجی چونی منداڵان بۆ قۆناغی سەرەتایی تاوەکو ئێستا کەموکوڕی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا نەتوانراوە منداڵان بخرێنە بەر خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا. لە ساڵی ٢٠١٢ بە گوێرەی داتاکانی وڵاتانی یەکگرتوو نزیکەی ٥٨ ملیۆن منداڵ لە تەمەنی نێوان ٦ بۆ ١١ ساڵ نەخراونە بەر خوێندن و لە کاتی ئێستادا لە دەرەوەی قوتابخانەدان، هۆکارەکانیش گەڕاوەتەوە بۆ: یەکەم گۆڕانکاری دیمۆگرافی، دووەم ئاژاوە و تەنگ و چەڵەمە، سێیەم، کەم پاپەندبوونی زۆربەی وڵاتان بە ئامانجەکانی پەروەردە بۆ هەموان  و پشگوێخستنی هەندێك لە کەمایەتی یاخود جیاوازی باکگراوندی ئابوری ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە بەدەست نەهێنانی ئەم ئامانجانە.

لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوون بە تایبەتی لەو دە ساڵەی ڕابردوودا هەروەها بەهۆی پابەندبوونی ڕاستەقینەیی حکومەتی هەرێم  ڕێژەی بەشداربووان بەرزبۆتەوە و پێشبینی دەکرێت زیاتر بەرز ببێتەوە. بە پێی داتای بەردەست لە وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩١-١٩٩٢ کە ئەمە سەرەتای دروستبوونی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمە، دەبینین ژمارەی بەشداربوانی قوتابیان لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی (٥٣٤,٩٦٣) بووە کەچی ئەم ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا (٧٧٣,٩٧٧) بووە کە ئەو ساڵیش سەرەتای دەست پێکردنی کاری وڵاتان بوو بۆ بە

دەستهێنانی ئامانجەکانی پەروەردە بۆ هەمووان لە هەمان ساڵدا لە (جۆمتیاندا) داڕێژرا. بۆیە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ بەرزبوونەوەیەکی ئێجگار نایاب دەبینرێت و ساڵەکانی دواتر هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی ئێجگار باش زیادی کردووە.

*گرافی ١ زیادبوونی ڕێژەی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ٢٠١٦*

*گرافی ژمارە ٨ زیادبوونی ڕێژەی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ٢٠١٦*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە٢٠١٦

بەڵام بەرزبوونەوەی ژمارەی قوتابخانە لە هەمان ئاستی بەرزبوونەوەی ژمارەی قوتابی نەبووە، واتە ژمارەی قوتابی بە شێوەیەکی زۆر خێراتر زیادی کردووە بە بەراورد بە گەشەی ژمارەی قوتابخانە بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕێژەی قوتابی/ قوتابخانە لە قۆناغی سەرەتایی(٢٩١) بووە هەروەها لە قۆناغی ئامادەیش (١١٩) بووە کەچی ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١٦ لە قۆناغی بنەڕەتیدا (٢٥٤) ولە قۆناغی ئامادەییدا (٣٥٣) بووە بۆیە ئەم گۆڕانکارییە خراپە بەهۆی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەیی و تێکەڵ کردنی قوتابخانەکانی سەرەتایی و بنەڕەتی بە یەکەوە و هەروەها هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە ژمارەی قوتابی لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر بەرز بووەتەوە وە لە کاتی ئێستادا کار و چالاکیەکانی حکومەتی هەرێم لە ڕووی کارکردن بەرەو یەکسان کردنی ڕێژەی قوتابی بەرامبەر قوتابخانە بە هۆی قەیرانی دارایی وەك پێویست نیە.

# بەشداریکردنی قوتابیان لە قۆناغەکانی خوێندن.

لە هەرێمی کوردستاندا خوێندن لە گشت قۆناغەکاندا بە خۆڕاییە و خستنە بەرخوێندنی هەموو منداڵێك یەکێك بووە لە پێشینە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم. سەرەڕای هەبوونی کێشە لە کوالیتی خوێندندا (کەمی ژمارەی مامۆستا لە هەندێك ناوچە و هەندێك بابەت، کەمی خزمەتگوزاری لە هەندێك قوتابخانەدا، لاوازی توانای مامۆستا لە ووتنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن).

سیستەمی پەرەوەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ چاکسازی ڕیشەیی بە خۆیەوە بینی. سیستەمی پێشوو قۆناغەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی بە شێوەی (٦-٣-٣) بوو، واتە ٦ ساڵی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی، ٣ ساڵ خوێندن لە قۆناغی ناوەندی و دواتریش ٣ ساڵی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی یاخود ئامادەیی، بەڵام لەگەڵ چاکسازی پەروەردەیی ساڵی ٢٠٠٧ سیتەمی پەروەردەیی گۆڕدرا بۆ (K- 12) واتە ( لە باخچەی منداڵان بۆ پۆلی ١٢). قۆناغی سەرەتایی گۆڕدرا بۆ قۆناغی بنەڕەتی کە پۆلەکانی (١-٦) سەرەتایی و هەروەها (١-٣) ناوەندی پێشتر دەگرێتەوە هەردوو قۆناغەکە بە شێوەی پۆلی (١-٩) ڕێکخراوە ناونرا قۆناغی بنەڕەتی.

لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەوتن لە کەرتی پەروەردەدا بە دەستهاتووە بە تایبەتی لە ئامانجی دووەمی " پەروەردە بۆ هەموان". لە ساڵی خوێندنی ١٩٩١-١٩٩٢ ژمارەی قوتابی/ خوێندکار (٥٤٢٢٤٠) قوتابی/ خوێندکار بوو . لە ساڵی ٢٠١٦ تێکڕای ڕێژەی بەشدار بوو لە گشت پارێزگاکان لە قۆناغەکانی خوێندن بەرزبوویەوە بۆ (١٧٠٦٥٠٩) قوتابی و خوێندکار. بۆیە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بۆ ساڵی ٢٠١٦ ڕێژەی گەشەی ئاسایی قوتابی/ خوێندکار (٦٨٪) بووە بە شێوەیەکی گشتی کە ئەم ڕێژەیە بە ڕێژەیەکی باش دادەنرێت بە گوێرەی تێڕوانینی شارەزا و پسپۆڕانی پەروەردە. بە گوێرەی خەملاندنی ژمارەی قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتیدا بۆ ساڵی ٢٠٢٠ کە لەلایەن ڕێکخراوی ڕاند ئەنجام دراوە، پێشبینی دەکرێت کە ئەم ژمارەیە دوو جاری قەبارەی خۆی بەرزتر ببێتەوە.

## ڕێژەی بەشداریکردنی قوتابی لە پەروەردەی پیشەیی.


گرنگی خوێندنی پیشەیی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وەڵامی بازاری کار بداتەوە بە دابینکردنی پێداویستی بازاری کار و ڕۆلی لە بە دەست هێنانی بەرەوپێشچوونی زانست و پیشەیی کە وەك کۆلەگەیەك دادەنرێت بۆ دروست کردنی هێزی کاری ئامادەکراو کە کۆمەلگا پێویستی پێیەتی.

سیستەمی قوتابخانە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆیی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵکو کەمتر بۆتەوە ژمارەی قوتابی تۆمارکراو لە دواناوەندییە پیشەیەکان لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ لە ٩,٣٤٧ قوتابی نزم بۆتەوە بۆ ٧,٤٢٠ قوتابی لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرینگیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە

ئاستەکانی تری خوێندنی داوە و هەروەها زۆربەی دایك و باوکەکانیش منداڵەکانیان زیاتر دەنێرن بۆ قۆناغی ئامادەیی بۆ ئەوەی لەوێیەوە قوتابی بچێتە کۆلێژ.

ئەم ژمارەیەی کە لە کەرتی خوێندنی پیشەییدایە بەپێ پێویست نیە چ لە رووی ژمارە وە هەروەها چ لە ڕووی کوالتی دا. بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە سیاسەتێکی گشتی هەبێت بۆ بەستنەوەی دەرچووانی پیشەییی لەگەڵ بازاری کار، پێویستە وەزارەتی پەروەردە شێوازی ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی و بەکارخستنی بە شێوازیك دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ بازاری کار بگونجێت بۆ ئەوەی بتوانێت کارخواز بە خاوەنکارەوە ببەستێتەوە..

*گرافی ژمارە ٩ ژمارەی قوتابی و بینای قوتابخانەی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١ تا ساڵی ٢٠١٦*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٥

هەر وەك لەم گرافیکە دیارە لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ دا، ٢٦ قوتابخانەی پیشەیی لەئاستی ئامادەییدا هەبوو کە٩٣٤٧ قوتابی لەخۆدەگرت بەگشت بەشەکانی هەروەها لەم گرافیکەیە نزمبوونەوەیەك بەدی دەکرێت لە خوێندنی پیشەیی بە شێوەیکی گشتی وەك بەدیار دەکەوێت لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ ژمارەی قوتابیان نزمبۆتەوە بۆ ٢٥٠٢ لە کاتێکدا ژمارەی قوتابخانەکان لە ٢٦ قوتابخانە زیادی کردووە بۆ ٤٣ قوتابخانە . لەکاتێکدا ڕێژەی قوتابیانی دابراو لەخوێندنی پیشەیی لە ساڵی٢٠١٣-٢٠١٤ بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە بریتیە (٤,٦) بە بەراوەرد لەگەڵ هەر یەك لە قوناغەکانی بنەرەتی (١,٢) و ئامادەیی بە گشتی (٢,٦).

# پەیمانگەکان

سەبارەت بە زیاتر گرینگی دان بە تەکنەلۆجیای زانیاری و ئاشناکردنی قوتابی و خوێندکارە ئارەزوومەندەکان بە سیستەمە ئەلیکترۆنی بەمەبەستی خۆگونجاندنیان و هەڵکردنیان لەگەڵ چەرخی خێرا (عصر السرعه). لە ساڵی ٢٠٠٦ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە کردنەوەی پەیمانگەی کۆمپوتەر بەمەبەستی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکارانی دەرچووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەم پەیمانگەیە، کە هەڵدەستێت بە پێدانی زانستی کۆمپیوتەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەك دەرفەتێکی نوێ بۆ قوتابیان بۆئەوەی پابەند نەبن تەنها بە بەردەوام بوون لە خوێندن لە قوتابخانە ئامادەییەکان و پیشەییەکاندا. ئەم کارەش لە کۆمپانیای Bit Mediaی نەمساوی ئەنجامدرا بۆ ئەوەی گرەنتی ئەوە بدات کە باشترین و نوێترین پرۆگرامی خوێندن بخاتە بەر دەستی قوتابیان. کە تێچووی پڕۆژەکە نزیەکی یەك ملیۆن دۆلار بوو.

# سیستەمی تاقیکردنەوەکان

وەزارەتی پەروەردە یەکێك لە پڕۆژە گرینگەکانی کە لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجامدرا زیاتر جەخت کردنەوە بوو بە شێواز و سیستەمی تاقیکردنەوەکان کە ئەویش گۆڕینی سیستەمی تاقیکردنەوەکان بوو لە سیستەمی کۆنەوە بۆ سیستەمی ئەلیکترۆنی بەمەبەستی پێدانی مافی تەواو بە قوتابیان لەکاتی تەصلیح کردنی وەڵامەکان. لەبەر ئەوەی لە شێوازی کۆن لە هەندێك ڕوو تاڕادەیەك ستەم دەکرا لە قوتابی و خوێندکاران لەبەر ئەوەی تەصلیح کردنی وەڵامی پرسیارەکان بەپێی میزاجی مامۆستایان بوو، بۆیە ئەم سیستەمە کرا بە سیستەمی ئەلیکترۆنی کە شێوازەی نوێ بریتییە دانانی پرسیار بە شێوەی هەڵبژاردن بۆئەوەی قوتابیان تەنها وەڵامی ڕاست هەڵبژێرن کە ئەم وڵامانەش لەسەر پەڕەی تایبەت دەبێت کە پێی دەڵێن (سۆما). لە پێناو باشتر کردنی ئەم پرۆسەیە لەساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ وەزارەتی پەروەردە بە ستافی خۆی هەستا بە دیزاینکردنی ئەم پەڕەیە کە پێشتر لەدەرەوەی وڵات دەکرا . هەروەها هەستا بەدانانی ناو و کۆدی قوتابیو خوێندکار بەشێوەی چاپکراو لەسەر پەڕەکە بۆئەوەی قوتابی کاتی بە فیرۆ نەچێت لە ناو تاقیکردنەوەکان.

# سیستەمی ئەلیکترۆنی

لەساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە دروستکردنی داتابەیسێکی Online بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر (قوتابخانە- مامۆستا-قوتابیان) ڕاستەوخۆ لە قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتواندرێت پلانێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکات بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر پرۆسەی پەروەردە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست وە پاڵپشت بێت لەسەر داتا و زانیاری ڕاست و دروست کە تێچووی پڕۆژەکە نزیکەی ٣٥٠ هەزار دۆلار بوو.

هەر بۆ بەردەوامبوون و تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە لەم ساڵی خوێندنی ٢٠١٦- ٢١٠٧ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە بۆ بەستنەوەی ٤٠٠٠ قوتابخانە بە تۆڕی ئینتەرنێت کە تێچووی ئەم پڕۆژەیە نزیکەی ٢,٥ ملیۆن دۆلارە.

# ڕێژەی نەخوێندەواری

نەخوێندەواری لەسەر ئاستی جیهاندا بەو شێوەیە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لەو کەسانەی توانا و بەهرەی نوسین و و خوێندنیان نییە. وەزارەتی پەروەردە لە هەوڵەکانیدا بەردەوامە بۆ بنبڕکردنی دیاردەی نەخوێندەواری لەهەرێمی کوردستان و هەروەها کەمکردنەوەی جیاوازی خستنە بەر پرۆسەی خوێندن لە نێوان رەگەزی نێر و مێ . ئەمەش لەرێگەی دەرکردنی بڕیار و یاسا و ڕێنمایی تایبەت سەبارەت بەم پرۆسەیە. وەزارەتی پەروەردە لەژێردروشمی(فێربوون بۆهەمووان)و( بەرەو کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەنەخوێندەواری) بەرنامەی کارەکانی خۆی رێکخستووە وداڕشتووە وچەندین هەنگاوی پراکتیکی وکردارەکی ناوە بۆخزمەتی چین وتوێژەکانی گەلەکەمان وپەرەپێدانی توانستەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە, لەوانەش جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی پەروەردەیی وفێرکردن وگۆڕینی قۆناغەکانی خوێندن بۆفێرکردنی بنەڕەتی ودرێژکردنەوەی خوێندنی فەرمی(الالزامی) بۆپۆلی(٩) بنەڕەتی ونەمانی کەوتن لەهەرسێ پۆلە بنەڕەتییەکانی یەکەمی خوێندن وهەڵگرتنی ئەزموونی بەکالۆریا لەپۆلی ( شەش ونۆی بنەڕەتی) ورێزگرتن لەکەسایەتی منداڵ ونەمانی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەقوتابی وخوێندکاران وگۆڕینی سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغەکان ودابینکردنی گشت پێداویستییەکانی خوێندن بەخۆڕایی وبەباشترین جۆرو شێوە وناوەڕۆکی پێشکەوتووی گونجاو, هەروەها فراوانکردن وگرنگیدانی زیاتر بەباخچەی ساوایان وپەروەردەی تایبەت وخاوەن پێداویستیە تایبەتەکان وبەجێگەیاندنی یەکسانی لەنێوان رەگەزەکاندا, هەوڵدان بۆهێنانی تەکنەلۆژیای پاڵپشتی فێربوون وکۆمپیوتەر، وکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی وتایبەت وجۆراوجۆرکردنی سازدانی چالاکیە هەمەچەشنەکانی هونەری و وەرزشی ودیدەوانی، وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و زانیاری ومەشق وڕاهێنانی مامۆستاو پەروەردەکاران وبەهێزکردنی جۆروکەرەسەکانی توانستەکانی فێربوون وفێرکردن لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن کەپەرە بەکارامەیی وکەسایەتیان وپێشکەوتنی ژیانیان دەدات لەپێناو دەستەبەربوونی زەوینە وکەشوهەوای دیموکراسی وئازادی وسەربەستی ویاسا سەروەری وپێکەوە ژیانی ئاشتیانە وهەنگاونان بەرەوسەقامگیربوونی ژیانێکی ئارام وئاسوودە ودڵنیایی کەزیاتر پەرە بەچوونەبەر خوێندن بدات وقوتابخانە زیاتر خۆشەویست بکات لای منداڵان .


| ئاماری گشتی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە هەرێمی کوردستان لە **٢٠٠٠-٢٠١٦** | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵی خوێندن | ژمارەی بنکە | ژمارەی فێرخواز | ڕێژەی نەخوێندنەواری | ڕێژەی نەخوێندنەواری |
| 2000-2003 | 1502 | 63000 | 34% | 66% |
| 2003-2004 | 2840 | 80202 | 32.4% | 67.6% |
| 2004-2005 | 1451 | 52801 | 30.7% | 69.3% |
| 2005-2006 | 1413 | 46064 | 29.1% | 70.9% |
| 2006-2007 | 600 | 21913 | 27.5% | 72.5% |
| 2007-2008 | 451 | 19200 | 25.8% | 74.2% |
| 2008-2009 | 564 | 22180 | 24.2% | 75.8% |
| 2009-2010 | 471 | 20011 | 22.5% | 77.5% |
| 2010-2011 | 424 | 19331 | 20.9% | 79.1% |
| 2011-2012 | 388 | 14528 | 19.3% | 80.7% |
| 2012-2013 | 326 | 11424 | 16% | 84% |
| 2013-2014 | 333 | 10023 | 15% | 85% |
| 2014-2015 | 282 | 12523 | 14.9% | 85.1% |
| 2015-2016 | 184 | 6811 | 14% | 86% |
| کۆی گشتی | 11229 | 400011 | | |

سەرەڕای بەردەوامبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی پەروەردە لە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەسەرجەم شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستان و ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی خوێندن بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندنەواری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠ تاکو ٢٠١٦ ڕزگاربوونی ٤٠٠٠١١ چوارسەد هەزار و یانزدە کەس لە نەخوێندەواری بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە کابینە یەك لە دوای یەکەکان.

دوای ئاداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وە پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی بەرچاو بە لایەنی پەروەردە و خوێندنن دراوە، لەو کاتەدابۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری چەند قوتابخانەیەکی خێرا بۆ فێرکردنی


مەزنان كرايەوە، نزيكەی ٢٠٠٠ قوتابی لە خۆ گرتبوو بەڵام بەهۆی ئابڵوقەی ئابووری و چەند فاكتەرێكی تر ژمارەی نەخوێندەواران ڕووی لە زیادبوون كرد تا گەیشە ئەو ئاستەی كە بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگاكانی (دهۆك-سلێمانی) لە هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی عێراق تۆماربكرێت كە ڕێژەكەی (٣٧%).

*گرافی ژمارە ١٠ ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمی كوردستان لە ٢٠١٦-٢٠٠٠*




هەروەك لەم گرافیكەی سەرەوەدا دیارە دابەزینی ڕێژەی نەخوێندەواری لەماوەی ١٦ ساڵدا (لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٦) لە ٣٤% بۆ ١٤%. لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ بە گوێرەی داتاكانی وەزارەتی پەروەردە لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی نائاساییدا، ڕێژەی خوێندەواری لە هەرێمی كوردستاندا گەیشتۆتە (٨٦%) ئەمەش گەشەیەكی ئێجگار گەورەیە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١ كە ڕێژەكە تەنها (٦٦%) بوو. وە هەروەها دەتوانین بڵێین لە هەر شوێنێک ئەگەر ڕێژەی خوێندەواری زیادی كرد ئەوا بە پێچەوانەوە ڕێژەی نەخوێندەواری ڕوو لە كەمی دەكات، بۆیە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١ ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمی كوردستاندا ( ٣٤%) بوو كەچی ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١٦ دا زۆر كەمی كردووە بۆ (١٤%)، ئەمەش بە دەستكەوتێكی گرینگ و پۆزەتیف دادەنرێت بە گوێرەی ڕوانگەی شارەزایانی بواری پەروەردەیی.

گرافی ژمارە ١١ ڕێژەی خوێندەواری و نەخوێندەواری لە ساڵی ٢٠٠٠ تاکو ٢٠١٦ لە هەرێمی کوردستاندا




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦


شایانی باسە کە هۆکاری سەرەکی دابەزاندنی ڕێژەی نەخوێندەواری بریتییە لە هەوڵ و تەقەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دابین کردنی بودجەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پەروەردەکاندا بۆ کردنەوەی بنکە و قوتابخانەی زیاتری نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە کە بریتیبوو لە سەرفکردنی بڕی (٣،٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار و حەفت سەدو پەنجا ملیۆن دینار کە وایکرد ڕرێژەی نەخوێندەواری لە (٣٤%) لەساڵی ٢٠٠٠ دابەزێت بۆ ساڵی (١٤%) لەساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ کە تێچووی کولفەی هەر فێرخوازێك لە بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەساڵێکی خوێندندا لەسەر وەزارەتی پەروەردە (٦٠٠،٠٠٠) شەش سەد هەزار دینارە، هەرچەندە لەدوای ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣ زۆربەی پلان و پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە بەهۆی نەبوونی بوردجە لە کاردا وەستاوە و یاخود ئەگەر لە بواری جێبەجێ کردنیشدا بێت ئەوا زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێت وە هەبوونی چەند کێشەی تر کە بووەتە تەگەر لەبەردەم جێبەجێ کردنی پلان و پرۆژەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری . لەبەر ئەوەی لە پلانی وەزارەتی پەروەردەدابوو سەبارەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە (٤) ساڵی ڕابردوو هەڵبستێت بە کردنەوەی (٣٢٠١) بنکە کە پێوستی بە (٦،٥٠٤،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیار و پێنج سەد و چل ملیۆن دینار دەبوو بۆ ڕزگارکدنی (١٠٩،٠٠٠) فێرخوازە بۆئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لەهەرێمی کوردستان دابەزێت بۆ (٧%) . بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بۆوە نەتواندرا ئەم پلانە وەك خۆی جێ بە جێ بکرێت. بۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری ١٤% جێگیر بووە.

لە سەدەی ڕابردوودا جیهان بەرەو پێشوەچوونێکی نزم بەرجەستە دەکرێت ئەگەرچی هەوڵەکان بەردەوام بوون سەبارەت بە زیاد کردنی ڕێژەی خوێندەواری و کەم کردنەوەی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرینە و مێینە. زیاد بوونی ڕێژەی

خوێندەواری لە نێوان گەنجانی تەمەن ١٥-٢٤ ساڵی لە سەر ئاستی جیهان ٨٣٪ لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ٨٩٪ لە ساڵی ٢٠١٠ بووە، هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە بەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ڕێژەی قوتابیانی تەمەن بچووکی تۆمارکراو لە قوتابخانەکان لە قوناغی سەرەتایی و دواناوەندی.

بەپێی بۆچونەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ ڕێژەی خوێندەواری بەرز دەبێتەوە بۆ ٩١٪ لەسەر ئاستی جیهان، بەمەش ١٠٣ ملیۆن گەنج کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-٢٤ ساڵە بە نەخوێندەوار هەژمار دەکرێن ئەم ژمارەیە ٢٢ ملیۆن کەمی کردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٠. لە باشووری ئەفریقیا و باکوری ئاسیا زۆرترین گۆڕانکاری بەرجەستە دەکرێت لە بەرزبونەوەی ڕێژەی خوێندەواری. لە، گرافەی خوارەوە بۆ ئەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان دیاری بکەین، بەراووردێك لە نێوان پەروەردەی هەرێمی کوردستان و چەندین ووڵاتی جیهاندا کراوە.

*گرافی ژمارە ١٢ ڕێژەی خوێندەواری لە هەرێمی کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر لە ساڵی ٢٠١٥*





سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٥ وێبسایتی بانکی جیهانی

# جیاوازی ڕەگەز ( جێندەر) لە هەرێمی کوردستان

ڕێژەی چوونە بەرخوێندن لە گشت قوناغەکانی خوێندن بە شێوەیەکی روون زیادی کردووە بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی، هەر وەك ئاشکرایە کە لە ڕابردوو تێبینی ئەوە دەکرا کە ئارەزوویێکی زۆر بەرەو لای نێرینە هەبوو لە بواری هەلی فێرکردن بە بەراورد لە گەڵ مێینەدا، لە لادێ بە بەراورد لەگەڵ شار بەڵام خوشبەختانە ئێستا ژمارەی قوتابیانی کچ بە ڕێژەیکی بەرچاو زیادی کردووە بەراورد لەگەڵ ١٥ ساڵی رابردوو. بە شێوەیەکی گشتی ئەم زیادبوونە بەرجەستە دەکرێت وە بە تایبەتی لە شوێنە دوورە دەستەکان بەرجەستە دەکرێت وەك گوند بو نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان هە ردوو ڕەگەزدا لە گشت قوناغەکانی خوێندن (خوێندنی بنەرەتی و ئامادەیی).

هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەز (جێندەر) لە قوناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی باشی هەبووە.  بۆ دیاری کردنی ڕێژەی کچ و کوڕ لە ئاستەکانی خوێندندا لە هەرێمی کوردستان، لەم ڕاپۆرتەدا نیشاندەرێکی ساتاندارتی جیهانی بەکار دەهێنین کە بە کورتکراوەی ئینگلیزی پێی دەڵێن ( GPI )، لە نیشاندەرەکە ئەگەر ژمارەکە لە یەك بچووکتر بوو ئەوا ڕێژەی کوڕ زیاتر لە کچ، ئەگەر لە یەك گەورەتر بوو ئەوا ڕێژەی کچ زیاتر لە کوڕ بەڵام ئەگەر ژمارەکە یەکسان بوو بە یەك ئەوا ئەو کات ڕێژەی کچ و کوڕ یەکسانن. لە ساڵی ١٩٩١ لە ژمارەی قوتابیانی تومارکراوی کچ لە قوناغی سەرەتایی ٦٦ تێپەری نەدەکرد بەرامبەر ١٠٠ کور، بەڵام ئێستا ئەم ڕێژەیە بەشێوەیێکی بەرچاو زیادی کردووە ئەویش ٨٩ قوتابی تۆمارکراوی کچ بەرامبەر ١٠٠ قوتابی کوڕ، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە قۆناغی ئامادەیی بە پێچەوانەیە واتە لە کاتی ئێستادا ئەگەر سەیرێکی گرافی خوارەوە بکەین دەبینین ڕێژەی کچ زۆر زیادی کردووە بە بەراوورد لەگەڵ کوڕ.

*گرافی ژمارە ١٣ ڕێژەی کچ بەرامبەر کوڕ لە کەرتی پەروەردە لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تاوەکو ساڵی ٢٠١٦*





سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٦

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو هەوڵی زۆری داوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەز لە پەروەردە و فێرکردن ئەویش بە ڕەخساندن و هاندانی ڕەگەزی مێینە لە بواری هەلی فێرکردن بە گشتی و لە لادێ بەشێوەیەکی تایبەتی، هەر وەك لە ستراتیجی نیشتمانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژە بە تەوەری ڕەخساندنی یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەبێ جیاوازی وە ئامانجەکە لەوە بەرجەستە دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی مێینە لە پەروەردەو فێرکردن بۆ ٥٠٪ لە کۆی ژمارەی قوتابیە تۆمارکراوەکان بە شێوەیەکی گشتی وە بە تایبەتی لە لادێ. ئەو ئامانجەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە دەشێت لە چوارچێوەی چەند هەنگاوێك بەدی بکرێت بە ڕەخساندن و هاندانی ڕەگەزی مێینە بە گشتی و لە لادێ بەتایبەتی، هەروەها زیادکردن و فراوانکردنی قوتابخانەی تایبەت بە مێینە، پەیڕەو کردنی پرۆگرامی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیکی گشتی بۆ مێینە بە تایبەتی لەمەڕ گرنگی چوونە بەر خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆری داوە بۆ فەراهەم کردنی مافەکانی منداڵان بۆ هەلی فێرکردن و پاراستنی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بە بێ جیاوازی لە گشت قوناغەکانی خوێندن. بۆ دەرخستنی ئەم پێشکەوتنە لە گرافی خوارەوە بەراووردی هەرێمی کوردستانمان بە چەندین وولات کردووە.

*گرافی ژماره ١٤ ڕێژەی قوتابیانی کچ بۆ کور تۆمارکراو لە قۆناغی بنەڕەتی*




سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە ٢٠١٥

ئەم گرافیکەی سەرەوە بریتیە لە ڕێژەی قوتابیانی کچ بۆ کوری تۆمارکراو لە قۆناغی بنەرەتی لە سەر ئاستی وڵاتانی جیهان هەر لەم گرافیکەدا دیارە کە هەرێمی کوردستان ڕێژە کچ بۆ کوڕ ٨٩٪ بەراورد لەگەڵ عێراقی فیدرال کە ڕێژەکەی ٨٤٪ کە ئامەژەیەکی باشە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی باشتری بەخۆیەوە دیووە بە بەراورد لەگەڵ عێراقی فیدرال. لە هەمان کاتدا ئەگەر بێت و ڕێژەی قوتابیانی کچ بۆ کور تۆمارکراو لە قوناغی بنەرەتی لە هەرێمی کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەم وڵاتانەی کە لە گرافیکەکەدا هاتووە کەمترین ڕێژە تۆمار کردووە بۆیە وا بە پێویست دەزانین کەوا وەزارەتی پەروەردە پلانی درێژ خایەنی هەبێ بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەی تا دەگاتە ١٠٠٪ بە واتایەکی تر ڕێژەی قوتابیانی کچ بۆ کوڕ بگاتە ئاستی هاوسەنگ.

# پرۆگرامەکان

دوای ئەو چاکسازیەی کە لە کەرتی پەروەردەدە ئەنجام درا لە حکومەتی هەرێم بەشی هەرە زۆری وانەکان گۆڕانکاریان بەسەر داهات بۆ ئەوەی لەگەڵ زانستی سەردەم بگونجێت بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە هەوڵیدا گشت

مامۆستایانی تایبەت بەو وانانەی کە گۆڕانکاریان بەسەر داهات خولی ڕاهێنانیان بینیوە بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە چۆنیەتی ووتنەوەی پرۆگرامی نوێ .

ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە خوولیان بینیوە لە وانەکانی ( ئینگلیزی – بیرکاری – فیزیا – کیمیا – زیندەوەرزانی ) دەربارەی پرۆگرامی نوێ ی خوێندن وەك لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

*خشتەی ژمارە ٣ ژمارەی مامۆستایانی بەشداربوو لە خولی ڕاهێنان*

| ژ | پسپۆڕ | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|
| ١ | ئینگلیزی | ١٥٨٧٣ |
| ٢ | بیرکاری | ١٥٨١٦ |
| ٣ | فیزیا | ٢٥٢٧ |
| ٤ | کیمیا | ٢٢٧٢ |
| ٥ | زیندەوەرزانی | ٣٢١٧ |

پرۆگرامەکانی وانەکانی تری وەك ( مێژوو – جوگرافیا – پەروەردەی نیشتیمانی ) گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئەو سەردەمەدا بگونجێت بۆ نمونە وانەی مێژوو تایبەت کراوە بە مێژووی کورد بە پێ ی شۆڕشەکان وە هەروەها بابەتی جوگرافیا بەهەمان شێوە تایبەت کراوە بە جوگرافیای کوردستان ئەمە جگە لەوەی وانەی پەروەردەی نیشتیمانی بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و زیاتر بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی لای قوتابیان.

## چاپ کردنی پەرتووك

حکومەتی هەرێمی کوردستان-وەزارەتی پەروەردە لەپێناو بەرەو پێش بردنی ڕرەوتی پەروەردە و فێرکردن ساڵانە چەندەها پەرتووکی پررۆگرامەکانی خوێندن چاپ دەکات کە خۆی لە زیاتر لە ٨٠٠ ناونیشانی پەرتووك دەدات، بە زمانەکانی کوردی (هەردوو شێوازی سۆرانی و بادینی) و عەرەبی و ئینگلیزی و سریانی و تورکمانی، زمان و پەروەردەی ئەرمەنی و پەرتووکەکانی ئێزیدیایەتی بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن (باخچەی ساوایان، بنەڕرەتی، ئامادەیی ئەکادیمی (زانستی –

وێژەیی)، ئامادەیی پیشەیی (پیشەسازی – بازرگانی- کشتوکاڵ)، پەیمانگاکان (هونەرە جوانەکان – کۆمپیتەر – وەرزش) و خوێندنی.

بە گوێرەی پلانی وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی لە پۆلەکانی (١، ٢، ٣) ڕێژەی چاپکردنی پەرتووك ١٠٠% دەبێت، بۆ قۆناغەکای بنەڕەتی لە پۆلەکانی (٤ تا ٩) و قۆناغەکانی تری خوێندن بەم شێوەیە چاپ دەکرێت:

١- ساڵی یەکەم بە ڕێژەی ١٠٠%.

٢- ساڵی دووەم بە ڕێژەی ٥٠%.

٣- ساڵی سێ یەم بە ڕێژەی ٧٥%.

*خشتەی ژمار ٤ پەرتووکی چاپکراو و گوژمەی خەرج کراو لە ساڵانی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ تا ٢٠١٢-٢٠١٣*

| خشتەی ژمارەی پەرتووکی چاپکراو و گوژمەی خەرج کراو لە ساڵانی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ تا ٢٠١٢-٢٠١٣ | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵی خوێندن | ژمارەی پەرتووکی چاپکراو | گوژمەی تێچوو بەدینار | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە |
| 2007- 2008 | 11,726,500.00 | 23,848,166,550.00 | 13% |
| 2008- 2009 | 15,503,994.00 | 25,209,324,790.00 | 14% |
| 2009- 2010 | 21,417,000.00 | 26,877,873,050.00 | 15% |
| 2010- 2011 | 16,077,950.00 | 42,195,112,050.00 | 24% |
| 2011- 2012 | 16,037,393.00 | 23,406,791,100.00 | 13% |
| 2012- 2013 | 23,212,430.00 | 37,064,441,425.00 | 21% |
| کۆی گشتی | 103,975,267.00 | 178,601,708,965.00 | 100% |

لە ساڵی

خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤ بەدواوە نەتواندراوە وەك پێویست پەرتوکی خوێندن چاپبکرێت بۆ قوتابیان و خوێندنکاران لە گەشت

قۆناغەکانی خوێندن  لەبەر ئەو قەرانە داراییەی کە ڕوو بە ڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە. گوژمەی خەملێندراوی سالانە بۆ چاپکرنی پەرتووك بە نزیکەیی دەگاتە (٢٠) ملیار دیناری عێراقی. بەڵام هەروەك ئاماژەمان پێکرد لەبەر نە بوونی توانای دارایی پێویست لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٥- ٢٠١٦ تەنها( ٨) ملیار دیناری عێراقی تەرخانکرا بۆ چاپکردنی پەرتووکی خوێندن بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان. هەروەك ئاشکرایە کەوا (%٩٥) لە بوودجەی بەکارهێنانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەی مامۆستا و فەرمانبەران دەچێت ئەوەی تر کە (%٥) دەمێنێتەوە تێیدا (%٣) بۆ چاپکردنی پەرتووك وە (%٢) ی بۆ کڕینی پێداویستییەکانی تری خوێندن دابین دەکرێت.